بۆکان لە مێژوودا (١١٨)                    ئەنوەر سوڵتانی

## مصباح و سالار سەعید

لە درێژەی باسی شاعیرانی بۆکاندا دەبێ ئاماژە بە دوو برای شاعیر بکەم :

- عەبدوڵلابەگی میسباحوددیوان (ئەدەب)
- عەلی بەگی حەیدەری – سالار سەعید (حەیدەری)

سەبارەت بە میسباح زانیاری زیاتر لەبەر دەستدایە و من لە زنجیرەی ژمارە ٣٩ دا دەست نیشانی دیوانی ئەدەب، چاپی کاک محەممەد حەمە باقیم کرد و لە ژمارە ٧٨ ی گۆڤاری مەهاباد دا رەخنەیەکی مامۆستا ئەحمەدی قازیم سەبارەت بە کارەکەی کاک محەممەد خوێندەوە.
هەرچۆنێک بێت، میسباح روخسارێکی ناسراوی شیعری کوردییە و لە گەلێک سەرچاوەدا باسی شیعرەکانی کراوە لێرەدا پێویست بە ناساندنی زیاتری نابینم. ئەدەب هونەرمەندێکی خۆشنووس، وێنەگەر، تەزهیب کار و شاعیر بوو.

بەڵام عەلی بەگی حەیدەری :

حەیدەری لە راستیدا کەسایەتیەکی سیاسی بوە تا هونەری و ئەدەبی؛ جێگەی بڕوای رەزا شا بوە و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ( ٦یا ٧ دەورەی چوار ساڵە) نوێنەری مەهاباد بوە لە مەجلیسی شورای ئێران. حەیدەری خاوەن مڵکی گوندی سەراو بوە و بە شەریکایەتی لەگەڵ نەمر سەیفولقوزاتی قازی چەند گوندێکی دیکەشی لە هەمان ناوچەی سەرچۆمی جەختەتوو هەبوە. من شیعری عەلی بەگم بە دەستەوە نییە، بەڵام دەزانم شیعرێکی بۆ مردنی پەروینی ئیعتسامی – شاعیری تورکی فارسی وێژ گوتوە کە لە دیوانەکەی پەرویندا چاپ کراوە و هەروەها دەگوترێت ئەم دوو دێر شیعرەش هی ئەو بێت کە بە هۆی کێشەی مڵکدارییی لە زمان گوندییەکانی سەراوەوە سەبارەت بە نەمر سەیفولقوزاتی گوتوە :

ما اینهمه اهل سراب                    خون میخوریم از جای آب

سیف القضات قاطع آب                    شاها برس به داد ما!

دەڵێن حەیدەری لە مەجلیسی شۆڕای تاران بە زڵە لە "فرخی یزدی" شاعیری ناوداری ئێرانی داوە کە دژ بە رەزاشا دەجووڵایەوە.

ناسین و ناساندنی عەلی بەگی حەیدەری بۆ مێژووی سیاسی و هەروەها شیعری بۆکان و دەوروبەری، کارێکی پێویستە و هیوادارم لاوەکانمان بەم کارە هەستن.

ئەوەش نموونەیەک لە شیعری کوردی و فارسی حەیدەری کە من لە زمان رێزدار "عەبدولرحمان مدرسی" م بیستوە :

"یاری وەکوو تۆم بێ من، پیری وەکوو شەمسەددین

دنیاشم ئەگەر دژ بێ، کاکیلە! چ دەربەندم؟"

ئەم شیعرە فارسییەی خوارەوەشی بۆ مردنی "پەروینی ئیعتسامی" گوتوە و میسراعی دووهەمی دواپین فەردی، مادە تەئریخی مردنی پەروینە.

در ماتم عزایت صد نوحه می سرودند          بودند زنده امروز گر سعدی و نظامی

تاریخ فوت هجرت جستم ز "حیدری"، گفت:    "مرده ادیبه دهر، پروین اعتصامی"

١٣٢٠ ی هەتاوی / ١٩٤١ زایینی

لە بەرگی دووهەمی کتێبی "مشاهیرالکردوکردستان"ی ئەمین زەکی بەگ، لە بەشی ژمارە ٢٠ی پیتی میم دا، کاتێ نووسەر باسی سەردار محەمەد حسین خانی سەردار موکری و ئیعدامەکەی لە لایەن ترکی عوسمانییەوە لە مەراغە دەکات ، ئەم دوو فەرد شیعرەی "سالار سەعید" یشی هێناوە، کە ئاشکرایە مەرحوومی عەلی بەگی حەیدەری بێت و تەنانەت لە کۆتایی شیعرەکەشدا ناوی"عەلی" هاتوە. من نازانم ئایا ئەوە، قەسیدە یا غەزەلێک بوە بە چەند فەردی دیکەوە بەڵام ئەم دوو فەردە لە وپەڕی وەستایی و لێزانیدا گوتراون و من لێرەدا دەیانهێنمەوە :

حەشر  و  واوەیلایە ئەمڕۆ، کەربەلایە شارمان

کوشتن  و  تاڵان  و  یەخسیرە  کەوا  دێن و  دەبەن

ئەی خودا! ئەکراد یەخسیری هەموو میللەت بوون

دەی "عەلی"! تا چاک نەفەوتاون، بڵێ فیکرێ بکەن

(لاپەڕە ١٣٠، بەرگی ٢)

وادیارە شاعیر، هەم ناسناوی "حەیدەری" و هەم "عەلی" لە شیعردا هێناوە.